# ئەنجلیکا کاوفمان
# باشترین پۆرترێیت سازی سەردەمەکەی خۆی بوو

د . گوتفرید زیللو
و: هاژە محەمەد

ئەنجلیکا کاوفمان یەکێکە لەو ئافرەتانەی توانیویەتی سەرکەوتنێکی گەورە لە بواری هونەریدا بۆ خۆی وەدەست بێنێ. کە لە سەدەی هەژدەدا ببووە جێی سەرنجی شاعیرو هونەرمەندو رۆشنبیران و لایان خۆشەویست و جێی رێزبوو. پاشاکانی ئەوکات بۆ رەسمکردنی پۆرتەرێتی خۆیان بانگیان دەکرد.

(گۆتەی) شاعیر بەم شێوەیە پێیدا هەڵدەڵێ: (باوەڕ ناکرێ بەهرەیەکی وا هەبێ، ئەنجلیکا لە رۆما باشترین هاوڕێیە)، گۆتە لە ماڵەکەشیدا کتێبە تەواوکراوەکەی خۆی (افجینی) بۆ دەخوێنێتەوە، بەڵام (هیردەر)ی هاوڕێی گۆتە دەڵێ: (رەنگە ئەنجلیکا رۆشنبیرترین و شارستانیترین ئافرەتی ئەوروپی بێ).

ئەنجلیکا کاوفمان لە سویسرا لە دایکبووە کە لەراستیدا جێی رێزو تەقدیری هەموو ئەوروپایە. لەساڵی (١٧٨٢) کاتێ رەسمی (میرانداو فریناند)ی کێشا لە (ناپۆلی دەژیا)و لەوێ وێنەی خێزانی پاشای (ناپۆلی) کێشا. لە هەمان ساڵدا یەکێ لە ناشرە ئینگلیزەکان لەلەندەن رێکەوتنێکی لەگەڵدا مۆرکرد بۆ رەسمکردنی ژمارەیەک وێنەی شاعیری ئینگلیزی (شەکسپیر). کە ئەوکات سەر لەنوێ لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی هەژدەدا دەرکەوتەوە، لێرەدا ئەنجلیکا دیمەنێکی شانۆگەری (العاصفە)ی کێشا، (فریناند)ی میری گەنج شەپۆلەکان فریناندراوەتە دوورگەکە و لەوێ چاوی بە (میراندا)ی جوان دەکەوێ. باوکی (میراندا) برۆسبیر لە دواوە لای ئەشکەوتێ دانیشتووەو کتێبی (الرقی)، کتێبەکەی ئەوی شاردۆتەوە کە خۆشەویستی ئەم دوو گەنجە دەخاتە ژێر هەڵسەنگاندنەوە. فریناندۆش دەبوایە برێکی زۆر چیلکەدار کۆبکاتەوە. (میراندا) بەدەست ئازاراوە دەناڵێنێ: (ئاه، تکایە ئەوەندە خۆت ئازار مەدە).

نامەوێ پروشکی ئاگری بروسک دابەزێ و دارەکان بسووتێنێ، بۆ ئەوەی لەسەریەکیان دانێین، دوورکەوە (ئیسراحەت بکە)

لێرەدا ئەنجلیکا دەقێکی ئەدەبی بۆ تابلۆیەکی دڵڕفێن گواستۆتەوە، دیمەنی سروشتی، باکڕاوندێکی رۆماتیکی

بەدیمەنەکە دەبەخشێ، تاشە بەردەکان خواربوونەتەوە بۆ ئەوەی ببنە کەوانە بۆ هەردوو ئاشق، لە دووریشدا دەریا دەبینرێ کەرەنگی بێگەردی ئاسمانی پۆشیوە. تابلۆکە رەنگی (بوونیی) تێرو سووری بەسەردا زاڵەو بەجازبیەتێکی زۆرتر لەڕێی قەوارە نائاسییەکەی دەناسرێتەوە.

سەرجەم دیمەنەکەشی شێوەی هێلکەیی ئاسۆیی وەردەگرێ و بەپێچەوانەی رۆخە رەشەکانی، دیمەنە سروشتییەکەی ناو تابلۆکە بەدرەوشاوەیی و کاریگەرانە دەردەکەوێ. ئەوکاتەی ئەنجلیکا دەستی بەرەسم کردن کرد منداڵێکی موعجیزەبوو بەرلەوەی تەمەنی بگاتە (١٣) ساڵی رەسمی خۆی کێشابوو.

رەسمێکی جوانی خانمێکی بچووک کە کاغەزی نۆتەی مۆسیقای بەدەستەوە گرتووە. ئەمەش هێمایە بۆ بەهرە مۆسیقییەکەی خۆی. بەر لەوەیش تەمەنی بگاتە (١٦) ساڵی زۆرتر لە رەسمکردندا یارمەتی باوکی لە دەدا، کە رەسامێکی گەڕۆک بوو لە سویسراو باکووری ئیتاڵیاو لەشارێکەوە بۆ ئەویتر دەچوو رەسمی کەنیسەو کۆشکەکانی دەکێشا. ئەنجلیکا کاوفمان لە (کور) ساڵی ١٧٤١ لە دایک بووەو باوکی لە بارەگای ئەسقفێ کاری دەکرد. لە منداڵیشدا لەگەڵ خۆی دەیگێڕاو لەوەوە فێری رەسم کردن بوو، کەوایکرد پەیوەندی باوک و کچایەتیان پتەوتر بێ و پاش مردنی دایکی ئارەزووی هونەری لاجێهێشت، و ئەوەی ئەو بۆی بەدی نەهات ئەنجلیکا بۆی تەواوکرد. ساڵی (١٧٦٢) پێکەوە سەفەری رۆمایان کردو لەوێ ئەنجلیکا ئاهەنگی یەکەمین سەرکەوتنی خۆی گێڕاو دەوڵەمەندەکان، لە بێشیانەوە ئەو ئینگلیزانەی حەزیان لە کۆکردنەوەی کاری هونەرییە دەهاتنە لای بۆ ئەوەی رەسمیان بۆ بکات و پارەی زۆریان پێ دەبەخشێ. هاوەڵە ئینگلیزەکانی ئامۆژگارییان کرد سەفەر بۆ لەندەن بکات. ئەوەبوو کە گەیشتە ئەوێ تەمەنی گەیشتبووە (٢٥) ساڵ، هێندەش پێ نەچوو بوو بەجێی گفتوگۆی ئەو گفتوگۆیانەی لەم سەردەمەدا دەکران و بەسەرسوڕهێنەر دانرا. شاژنی دایک ئەرکی هاتنی بۆ مەرسەمەکەی کێشاو هات رەسمی بکات. ئەمیرو ژنە میرزادەکانیش لە پێشبڕکێ دابوون بۆ وەرگرتنی شەرەفی دانیشتن بەرامبەری بۆ رەسم کردنیان. ئینجا بوو بەئەندامێکی دامەزرێنەری ئەکادیمیای مەلەکی هونەر. شێوەکاری ئینگلیزی دیارە. سیر: (جوسرارا نیولدز) داوای کرد ببێتە هاوسەری، بەلام ئەو رەتی کردەوەو لە جیاتی ئەو مێردی بەمیرێکی سویدی بەناو میر کرد. بەلام پاش ساڵێ تەلاقی داو، لەم ماوەیەشدا داوای لە باوکی کرد بۆ ئەوەی بێتە لای. بەمەش زۆر کامەران بوو و کەیفی بەو سەرکەوتنە هونەرییە گەورەیەی هات. ساڵی (١٧٨١) بۆ دووەم جار مێردی بەشێوەکاری فەنزویلی (فرانسیسکۆ زوخی) کرد رۆژێک پاش ئەم ئاهەنگە. باوکی و هەردووکیان



**پۆرتریت**

لەڕێی سویسراوە چوونە شاری (بوندقیە) بەلام ساڵی دواتر باوکی کۆچی دوایی کرد. پاش ماوەیەکی کەم ئەم ژن و مێردە لە رۆمادا نیشتەجێ بوون و ماڵەکەیان بووە مەڵبەندی هونەرمەندو میرەکان و لە هەمو ئەورووپادا روویان تێکرد. کە مەبەستیان بوو ببنە دۆست و هاوڕێی ئەنجلیکا. ئاشقانی هونەرو کۆکەرەوەکانی تابلۆ دەستە دەستە بۆ کڕینی تابلۆکانی دەهاتن.

ئەنجلیکا باشترین هونەرمەندبوو کە بتوانێ وێنەی شەخسی لە زەمانی خۆیدا بکێشێ. هەندێ جار وێنەی ئاینیشی دەکرد. یا بابەتی ئەدەبی دەکردە تابلۆ. پاش مردنی مێردەکەشی وێنەی کەنیسەی (فارکرشە)ی ساڵی (١٨٠٠) وەک هەیکەلێ لە سویسرا کێشا. ئینجا لە ساڵی (١٨٠٧) لە تەمەنی (٦٦) ساڵی لە رۆما کۆچی دوایی دەکات.

**سەرچاوە:**

الف یاء الزمان ژمارە ٢٣٢٩ / ١٢ شباط / ٢٠٠٦